
# گەنج و هەندێك لە خواستەكانی

**(بەشی یەكەم)**

**مەریەمی بەگزادە**
Meryem_kurdi@yahoo.com



چینی گەنجان ئەو چینە بەهێزەی نێو كۆمەڵگان كە لەتوانایاندا هەیە كۆمەڵگاكەیان لەقۆناغێكەوە بۆ ناوەندێكی تر بگۆڕن، یاخود رۆڵی كارایان هەبێت لەدروستكردنی رای گشتی و گردبوونەوەو یەكدەنگیان بەرامبەر بەهەر نارەوایی و نارەحەتییەك كە رووبەڕووی كۆمەڵگاكەیان ببێتەوە.

گەنج و لاوی كوردستان بەپێی گۆرانكارییەكانی سەردەم و گەیشتنی باڵی تەكنەلۆژیا بۆ نێو رۆح و دەروونمان و تێكەڵبوونی لەگەڵ ئارەزووەكانماندا، ئێستاكە لەم قۆناغەدا ئەركی گەنج و لاوانی كورد قورسترو ئاڵۆزترو گرانتربووە، بەتایبەتی بەهۆی نەبوونی دەرفەتی كاركردن یاخود كەمدەرامەتی یاخود هەر جۆرێكی تر كە هۆكاری سەرەكین لەبەردەم گەیشتنی گەنجانمان بە خواستەكانیان، هەرچەند خواستەكان لەئاست رۆژگاری ژیانیاندا هاوتەبانین، بەڵام دەكرێ لە یەكێك لە رووەكانەوە بەشێك لە خواستە شاراوەكانیان بەدەست بهێنن.

گەنجی كورد ئێستا لە خراپترین گوزەراندا دەژین چ لەرووی بێ كاری و دەستەبەرنەبوون و كارانەبوونی ژیان بۆیان كە هەردەم لەنێو گێژاوێكی تەم و مژاویدا چینی لاوانی هێشتۆتەوەو بەردەوام ناخ و دەروونیان ئازار دەدات.

بۆ ئەم مەبەستەو لەم بابەتە لاوازەی مندا دەمەوێ ئەوە بەدەر بخەم كە بەڵێ گەنجانی وڵاتەكەم لەباروگوزەرانێكی خراپدان و لەم رووەوەش حكوومەتی كوردستان وەك دەست پێشخەرییك بۆ ئەم چینە كارای كۆمەڵگا لەپاش دروستبوونی كابینەی پێنجەمی حكوومەت وەزارەتێك بەناوی وەزارەتی وەرش و لاوان دروست بوو، ئەركی ئەم وەزارەتە دەبوایە خزمەتكردن ببوایە بەو ناوە گەورەیەی كە لەخۆی ناوەو زیاتر دەرفەتی بۆ لاوانی كۆمەڵگاكەی برەخسانبوایە تاكو لە خزمەتێكی پێیان بكردایە، بەڵام جێگای داخە ئەو وەزارەتە هێشتا بەتەواوی خۆی یەكلایی نەكردۆتە كە ئایا وەزرشییە یاخود لاوییە، من تێناگەم ئێستا لە رووی وەزارەتەكانەوە ژمارەی قیاسیمان شكاندووەو پێدەچێت چووبێتە نێو كتێبی گینسەوە، كەچی هێشتا وەزارەتێكمان بەتەواوی نەبینی بە ئەركی راستەقینەی خۆی هەڵبستێت، یەكێك لەوانیش وەزارەتی وەرزش و لاوانە كە نە خزمەت بە وەرزش دەكات نە خزمەت بە چینی لاوان دەكات...!

لەكۆتایی ئەم چەند دێڕەدا كە نووسیومە ئەوەی مابێتەوە دەڵێم: خۆزگە كێشەی گەنجی كورد چارەسەر دەكراو لەم قۆناغە هەستیارەوە بۆ قۆناغێكی باشترو فەراهەمتر هەنگاوی دەنا.